گوڤارا زانكويا دهوك، پەربەندا:20، ژمارە:1، (زانستێن مروڤايەتى وكومەلناسى)، بپ 58- 86، 2017
DOI: https://doi.org/10.26682/hjuod.2018.20.1.4

# ڕۆڵە جێندەرییەکانی هەرزەکار لە خێزاندا
# توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە خوێندنگە بنەڕەتییەکانی شاری سلێمانی

بەنازحمەرشید حسن و ەلار أحمد مصطفی
کولێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستان–عیراق

*((مێژوویا وەرگرتنا ڤەكولينێ: 10 تیرمەهـ، 2016 ، مێژوو ڕەزامەندیا بەلاڤكرنێ: 9 چریا ئێكێ، 2016)*

## پێشەکی

بەشێوەیەکی گشتی کۆمەڵگاکان لە دەستنیشانکردنی ڕۆڵە جێندەرییەکاندا جیاکاری لەنێوان نێرو مێدا دەکەن ئەویش بەهۆی ئەو کەلتوورو بەهاو دابونەریتانەی کە خێزان تەرکیزی لەسەر دەکات لەرێگەی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەلآیەتیەوە، چەمکی جێندەریش چەمکێکی تازەیە لەلایەن زانای ئەنسروپۆلۆژی (ئان ئۆکلی) لە حەفتاکاندا لە زانستە کۆمەلآیەتییەکاندا بەکاری هێناوە بۆوەسفکردنی سیفاتە دیاریکراوەکانی ژن و پیاو لەڕووی کۆمەلآیەتییەوە بەرامبەر بە سیفاتە بایۆلۆژییە دیاریکراوەکانیان، بۆیە میللەت و کەلتوورەکان جیاوازیان هەیە لەڕووی دیاریکردنی سیفاتەکانی نێرینەیی ومێینەیدا،بۆیە مرۆڤ بە نێرینەیی و مێینەی لەدایك دەبێت بەلآم کۆمەلگا فێری دەکات کە چۆن کوڕ بێت یان کچ بێت دواتریش چۆن دەبێت بە پیاو بەژن ئەویش لەرێگەی فێرکردنی ڕەفتارەوەو دیاریکردنی ئەو هەلویست و رۆل و چالاکییانەی کە گونجاوە بۆ هەریەکێکیان ئەو ڕەفتارانەش کە فێری دەبن لەرێگەی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەلآیەتییەوە وەریدەگرن و پێناسی جێندەریان بۆ دروستدەبێت کەرۆلە جێندەرییەکان بۆ هەردوو ڕەگەزەکە دیاریدەکات رۆلی هەریەکە لەژن وپیاویش جیاوازە بەگوێرەی جیاوازی کەلتورەکان بۆیە ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دیاریکردنی ئەو رۆل جێندەرییانەیە کەهەرزەکاران لەخێزاندا پێیان سپێدراوە ئەویش لەرێگەی ئاستی بەشداریکردنی نێرو مێ لە چالاکی و بریارەکانی خێزاندا.ئەم توێژینەوەیە لەسێ بەش پێکهاتووە بەشی یەکەمی توێژینەوەکە پێکهاتووە لەچوارچێوەی توێژینەوەکە،کێشەی توێژینەوەوگرنگی توێژینەوەوئامانجی توێژینەوەو

گوڤارا زانکویا دهوك، پەربەندا:20، ژمارە:1، (زانستێن مروڤایەتی وکومەلناسی)، بپ 58- 86، 2017
**DOI:** https://doi.org/10.26682/hjuod.2018.20.1.4

گریمانەکانی توێژینەوەکە،بەشی دووەمیش پێکهاتووە لە تەوەری یەکەم:چەمکی جێندەرو مێژووی سەرهەڵدانی و،تەوەری دووەم:بنەماو ڕەهەندەکانی جێندەر،بەشی سێیەمیش پێکهاتووە لەلایەنی مەیدانی،میتۆدی توێژینەوەکەو کۆمەڵگای توێژینەوەکەو نموونەی توێژینەوەو ئامرازو کەرەستە ئامارییەکانی توێژینەوەکە و خستنە ڕوی دەرەنجامەکان و بێشنیارو ڕاسپاردەکان .

## بەشی یەکەم:چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە

### یەکەم :کێشەی توێژینەوەو پرسیارەکانی:

بیرۆکەی توێژینەوە لە بەتاڵیەوە نایەت، هەتا بە بەتاڵیش کۆتایی نەیەت، ئەو تایبەتمەندییە سەرەکییەی توێژینەوەی زانستی جیادەکاتەوە بونی کێشەی گرنگ ودیاریکراوە وپێویستی بە توێژەرێکە تا دیراسەی بکات و لایەنەکانی شیبکاتەوەو تا بتوانرێت چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە [1] ، کێشەی ئەم توێژینەوەیەش بریتی یە لە ڕۆڵە جێندەرییەکانی هەرزەکار لەناو خێزاندا، کێشەکانیش چەندین پرسیار لەخۆ دەگرێت:

1-تاچەند هەلی بەشداریکردن لە بریاردان و ئەرکەکانی ناو ماڵ دراوە بە هەرزەکار لەناو خێزاندا ؟

2-جۆری کرێنی کەل وپەل و پێاویستیەکان بۆ هەردوو ڕەگەز چین ؟ و کێ زیاتر هەڵدەستێت بەکرێنی ؟

3-لەنێو ماڵدا بەرپرسیارێتی خەرجی ماڵ و بەرپرسیارێتی خزمەتکردنی میوان لە ئەستۆی کێدایە ؟

4-ئەو وتانەی بەرامبەر هەردوو ڕەگەز بەکارهێنرێت چین ؟

### دووەم :گرنگی توێژینەوە:

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە گرنگی پرسی جێندەر لە ناوخێزاندا، ئەم توێژینەوەیە گرنگە بۆ پەروەردەکردنی منداڵ لەناو خێزان و ،هەروەها بۆ کۆمەڵگاکەمان.

### سێیەم: ئامانجی توێژینەوە:

هەمو توێژینەوەیەك تا بەهای زانستی هەبێت دەبێت ئامانجی هەبێت، توێژینەوە هۆکارێکە وا لە توێژەر دەکات ئەو توێژینەوەیە بکات، ئامانجی هەر توێژینەوەیەك ڕونکردنەوەی بۆچی توێژەر ئەو توێژینەوەیە دەکات ؟ئەیەوێ بەچی بگات؟ [2]، ئامانجی ئەم توێژینەوەیەش بریتی یە لە :

1-زانینی هەلی بەشداریکردن لە بریاردان و ئەرکەکانی ناو ماڵ دراوە بە هەرزەکار لەناو خێزاندا

2-زانینی جۆری کرێنی کەل وپەل و پێاویستیەکان بۆ هەردوو ڕەگەز چین ؟ و کێ زیاتر هەڵدەستێت بەکرێنی

DOI: https://doi.org/10.26682/hjuod.2018.20.1.4

**3**-زانینی لەنێو ماڵدا بەرپرسیارێتی خەرجی ماڵ و بەرپرسیارێتی خزمەتکردنی میوان لە ئەستۆی کێدایە

**4**-زانینی ئەو وتانەی بەرامبەر هەردوو ڕەگەز بەکارهێنرێت چین ؟

چوارەم :گریمانەکانی توێژینەوە:

**1**-کاریگەری خەسڵەتە دیموگرافیەکانی وەك (ڕەگەز،ئاستی خوێندەواری و پیشە) بۆسەر بریاردانی ئەرکی کۆمەلایەتی لای دایك .

**2**- کاریگەری خەسڵەتە دیمۆگرافییەکان بۆسەر بریاردانی ئەرکی کۆمەلایەتی لای باوك .

**3**- کاریگەری خەسڵەتە دیمۆگرافییەکان بە بەشداریکردنی ئەرکەکانی ماڵ

**4**- کاریگەری خەسلّتە دیمۆگرافییەکان بە کڕینی جۆری دیاری

**5**- کاریگەری خەسلّەتە دیموگرافییەکان بۆسەر کێ یاریت بۆ دوکرێت

**6**- کاریگەری خەسلّەتە دیموگرافییەکان بۆسەر لەماڵەوە کێ زیاتر گرنگیت پێدەدات

**چەمکەکانی توێژینەوە:**

**ڕۆڵ** (**role**): زوربەی زانایان و بیرمەندانی کۆمەڵناسی و ئەنپرۆپۆلوجیا و زانستی دەروناسی گرنگیان بەچەمکی ڕۆڵ داوە و باسیان کردووە و پێناسەی جۆراوجۆرو هاوبەشیان بۆکردووە .لەبنەڕەتدا چەمکی ڕۆڵ لەلایەن زانای بەناوبانگی ئەمریکی (هربت مید)ەوە داڕێژراوە [3] ڕەگ و ڕیشەی ئەم چەمکە بۆکتێبی شانۆکاران و بیرمەندانی کۆمەڵناسی دەگەڕێتەوە کەوا تێڕوانیان بۆکۆمەڵگا وەك {شانۆگەری یەکی نوێنراو}وایە ، هەر بۆیە زانا (گراهام کرین )دەلّێت :(ئێمە هەمووومان ئەکتەرین،ژیانی دەوروبەریشمان وەك شانۆگەرییەکی گەورە وایە [4]

**ڕۆڵە جێندەرییەکان (gender role)**: ئەو ڕۆلانەن کەلەلایەن کۆمەڵگاوە دیاریدەکرێن و بەستراونەتەوە بەپێشبینییەکانی کۆمەڵگا بۆ تاك هەر ڕۆڵێك لەو ڕۆلانە بە کۆمەڵێك ڕفتارو هەڵسوکەوتەوە بەستراوەتەوە کەلەبەهاو دابونەریتەکانی کۆمەڵگایەکی دیاریکراوە بەرجەستەدەبێت و کۆمەڵگا پیاوان وژنان بەگوێرەی سەرکەتنی هەریەکەیان لەو ڕۆڵەی کەبۆی دانراوە لەکۆمەڵگادا هەڵدەسەنگێنێت [5]

**جێندەر** (**gender**): جێندەر پرۆسەیەکی کۆمەلایەتی و کەلتورییە،واتە پرۆسەیەکی بەرهەمهێن و دووبارە بەرهەمهێنانەوەیە بە بەردەوامی،ئەم شێوەیش بەگوێرەی کەلتورو کات جیاوازی هەیە کە بەشێوەی ڕۆڵەکان وڕفتارەکان مومارەسەدەکرێت نەك هەرتەنها بەقسەکردن[2]

**هەرزەکار( teenager) : لە** 12- 15 ساڵ تیایدا منداڵ دەستدەکات بە پشت بەستن بەخۆی لە ژیانی ڕۆژانەیدا و وێنای کەسایەتی تیایدا دەکێشێت وحەز بە سۆزو ویژدان دەکات. [6]

DOI: https://doi.org/10.26682/hjuod.2018.20.1.4

**پەروەردەی بنەڕەتی** :بریتی یی لە سیستمی خوێندن لە تەمەنی 6-15 ساڵ بەزۆر خوێندن [7].

**خێزان(Family)**: لە زمانی ئینگلیزیدا لە وشەی(Familia)ی لاتینییەوە هاتووە، لەلای ڕۆمانییەكان بەمانای( كێڵگەومال وكۆیلە ،یان سەروەت و سامان دێت ، ئەو سەروەت وسامانەی مێرد ، یان باوك وەك میراتگیرێك وازی لێدەهێنێ و بۆئەمەش ژن دەبێتە بەشێك لەو میراتەی پیاو ) [8]

خێزان ڕێكخراوێكی كۆمەڵایەتییە ، كە لەكۆمەڵە تاكێك پێك دێت ، لەڕووی كۆمەڵایەتی و ئاكاری و ڕۆحی و دەروونی یەوە بەو ڕێكخراوەوە بەستراونەتەوە،هەر ئەو پێكەوە بەستنەش لەخێزان دا وای كردووە جیاوازی هەبێت لە نێوان خێزانی مروڤایەتی و خێزانی ئاژەڵیدا [9]

## بەشی دووەم :چەمكی جێندەرو مێژووی سەرهەڵدانی

### تەوەری یەكەم :چەمكی جێندەر

جێندەر بونیادی كۆمەڵایەتی هزرەكانە كەبە ڕۆڵەكان و سیستمی بیروباوەڕەكان و هەڵوێست و وێنەو بەها و پێشبینییەكانی ژن و پیاو ناسراوە،كەبەشێوەیەكی گشتی بە پەیوەندییەكانی هێزی نێوان ژن و پیاوەوە بەتەنها نەوەستاوە بەڵكو بەپەیوەندی هێزی نێوان هەموو گرووپەكانەوە بەستراوەتەوە كە دەرئەنجامی زۆر لە كێشە كۆمەڵایەتیەكانە، لەكەلتورە جیاوازەكاندا بیرۆكەی جیاواز هەیە دەربارەی جێندەر كە كامە گونجاوە بۆ پیاو كامە گونجاوە بۆ ژن پێی هەستن و ئەوەی پێویستە ئەوەیە جێندەر بەتەنها لەكەلتورێكەوە بۆ كەلتورێكی تر جیاواز نییە بەڵكو لەگەڵ كاتیشدا گۆڕانی بەسەردا دێت یان لەكەلتورێكدا گۆڕانی بەسەردا دێت بەهۆی بوونی ئەو قەیرانەوە[10]، یان ووشەی جێندەر لەلایەن كۆمەڵێك خاوەن ئەزموونەوە لەسەنتەری (كەوسەر)ی ژنان بۆ ڕاهێنان و توێژینەوە بەم شێوەیە پێناسەیان بۆ كردووە بریتییە لە جیاوازی ڕۆڵەكان(ماف و ئەرك و پابەندبوون) و پەیوەندی بەرپرسیارێتی و وێنەوە ، پێگەی ژن و پیاو لەڕووی كۆمەڵایەتی و كەلتوورییەوە كەئەمەش بەپێێ ی پەرەسەندنی مێژووی كۆمەڵگایەك یان هەموو كۆمەڵگاكان دیاریدەكرێت و كەرووبەرووی گۆڕانكارییەكان دەبنەوە[11]،.هەروەها مامۆستای ئەنسرۆپۆلۆژی (ئان ئۆكلی) كەئەم چەمكەی هێنایە ناو كۆمەڵناسییەوەئەوەشی ڕوونە ئەوەیە كە ووشەیsexئەگەر وەریگێڕین واتە ڕەگەز واتە ئایا ئەوە نێرە یان مێیە بەمانای دابەشبوونی بایۆلۆژی دێت هەروەها ئاماژەدانیش بە ووشەی جێندەر واتە لەڕووی كۆمەڵایەتییەوە دابەشبوونێكی ناهاوسەنگی بۆ نێرینەیی و مێینەی ئەم چەمكە ئاماژەیە بۆ ئەوە شێوە و وێنە نەمەتیی وكەلتوریانە بۆ پیاوان و ژنان[12] .

DOI: https://doi.org/10.26682/hjuod.2018.20.1.4

**تەوەری دووەم :مێژووی چەمکی جێندەر:** چەمکی جێندەر وەك بەردی بناغەی زۆر لە بەندەكانی نێودەوڵەتی تایبەت بە مەسەلەكانی ژنان و گەنجان و منداڵان لە نێوەندی دژایەتیکردنی جیاکارییەکان دژ بە ژنان وە بەرگریکردن لە مافەکانیان دادەنرێت ،چەمکی جۆری كۆمەڵایەتی لەچەمکی جێندەری gender ئینگلیزییەوە وەرگێڕاوە کەبەچەندین شێواز لەزمانی عەرەبیدا وەرگێڕاوە ئەم چەمکە لە حەفتاكانی سەدەی بیستەمدا لە تیۆرەكانی ژنانی ڕۆژئاواییەوە سەری هەڵداوە دوابەدوای ئەمەش لە ئەدەبیات و بەرنامەکانی گەشەپێدان و وەرگێڕاوەکانی بۆ ژنانی عەرەبی باسی لێوەکراوەو دواتر وەرگێڕانی چەمکی جێندەر بە هێڵێکی کورت وەرگێڕاوەو کە بە (جۆری كۆمەڵایەتی )دەردەبرێت کەئەم وەرگێڕانە لەهەموو بوارەکانی زانستە مرۆڤایەتییەکاندا بەکاردەهێنرێت، لەگەڵ ئەم کورتکردنەوەیەشدا هەندێك کات لەچوارچێوەی دراساتە کەلتوورییەکاندا

کەلتوورییەکاندا شێوازی (جۆر) بەکاردەهێنرێت[13] بەڵام ناڕوونیەك لەوەرگێڕانی ئەم چەمکەدا هەبوو هەندێك کاتیش هاومانای ووشەی جێندەر بریتی بوو لە جۆری كۆمەڵایەتی ،ڕۆڵی كۆمەڵایەتی،ڕەگەزی بایۆلۆژی،ئەسڵی ووشەی جێندەریش لەلاتینییەوە لەووشەی genusوەرگیراوە کەبەمانای ڕەگەز دێت لەڕووی نێرینەیی و مێینەییەوە،زانای ئەنسروٚپۆلۆژی (ئان ئۆکلی)

یەکەم کەس بوو کەئەم چەمکەی هێنایە ناو كۆمەڵناسییەوە ووشەی sex بەم شێوەیە وەرگێڕاوە کە ڕەگەز واتە لەڕووی بایۆلۆژییەووە ئایا نێرە یان مێیە بەڵام ووشەی جێندەر ئاماژەیە بەو دابەشبوونە ناهاوسەنگەیەی کەلەڕووی كۆمەڵایەتییەوە بۆنێرینەیی و مێینەیی کراوە[14]. چەمکی جێندەر ڕەگ و ڕیشەی مێژوی خۆی هەیە کە لە بزوتنەوەی ڕزگاری ژنان لە ڕۆژئاوا و بزوتنەوەكانی ژنان (فیمینزم )(Feminism) دەستی پێکرد ،سەرەتای دەستپێکردنی ئەم بزوتنەوەیە واتە یەکەم تەوژمی ژنان لە ساڵی 1830وە بەردەوام بوو تا ساڵی 1920بایەخی ژنانی بەشداربووی ئەم بزووتنەوەیە بۆ گەیشتن بوو بە مافە مەدەنییەکانی ژنان لە كۆمەڵگاكانیاندا ئاراستەی ئەم بزووتنەوەیەش لەو کاتەدا ئاراستەیەكی لیبراڵی بوو هەوڵی دەدا لە پێناو جەخت کردنەوە لە یەکسانی ، بەڵام تەوژمی دووەم لە بزوتنەوەی ژنان مێژووەکەی لە ساڵی 1963 ئەم قۆناغە بەوە جیادەکرێتەوە کە گروپەکانی بزووتنەوەی ژنان بە هەموو ئینگلتەرا و فەرەنساو ئەمریکادا بڵاوبوونەوە ووردە ووردە مەسەلەکانی ژنان بە هەموو دامەزراوە ئەکادیمییەکانشدا بڵاوبووەوە ئنجا بزووتنەوەی ژنان لەگەڵ ئەوەی قۆناغەکانی جیاواز بوون ئەوانەش کە پاڵپشتی وبەرگریان لێدەکرد تەنها لەپێناو نەهێشتنی جیاکارییەکان دژ بە ژنان بوو لە جیهاندا[15]. هەربۆیە یەکەم پێناسە بۆ

DOI: https://doi.org/10.26682/hjuod.2018.20.1.4

چەمكی جێندەر لە كۆنگرەی قاهیرە بۆدانیشتوان لەساڵی1994 دەركەوت بەمانای جۆر یان ڕەگەز واتە نێر یان مێ ،ئنجا ئەم چەمكە (جێندەر)لە كۆنگرەی بەكین ساڵی 1995 جاریكی تر گەڕایەوە ،[16]هەموو ئەو بەڵگەنامەو ڕێكەوتنامە نێودەوڵەتیانە زۆر شتی باش و خراپی لەخۆ گرتبوو كە زەمینەیەكی باشی ڕەخساند بۆ ئەوەی هەموو مرۆڤایەتی لەسەری بوەستێت، سەرەڕای ئەوە هەموو ئەو شتانەش پەیوەندییان بەباشتركردنی بارودۆخی ژنان یان پەیوەندییان بە كێشەكانی كۆچكردن و ژینگەوە هەبوو هەربۆیە تێكەڵاوییەك لەنێوان شتە باش و خراپەكاندا ڕوودەدات كە دەكرێت ڕێكەوتنی كۆتای لەسەر بكرێت كە لەم بەڵگەنامانەدا ئەم جۆرە شتانە هاتووە كەهەموو ئەمانە ڕەنگدانەوەیان لەسەر مێینەیی توندرەو هەبوو لەوانەش قسەكردن لەسەر یەكسانی ڕەها لەنێوان هەردوو ڕەگەزەكە هەڵوەشانەوەی هەموو جیاكارییەكانی نێوانیان وهەڵوەشانەوەی تایبەتمەندییەكانی نێوان دوو ڕەگەزەكە[2].

هەر بۆیە تێگەیشتن لە چەمكی جێندەر لەم خاڵە گرنگانەدا خۆی دەبینێتەوە:

**(1)** جێندەر پرۆسەیەكی كۆمەڵایەتی و كلتورییە، واتە پرۆسەی بەرهەمهێنان و دووبارە بەرهەمهێنانەوەی بە بەردەوامی دەبێت بە شێوەیەك لە هەموو كلتورو كاتەكاندا جیاواز دەبێت و كەوا لەسەر شێوەی ڕۆڵ و ڕەفتارەكان مومارەسە دەكرێت بە تەنها لە قسە كردندا تەعبیری لێناكرێت [17].

**(2)** جێندەر سیستەمێكە لە مومارەساتی بەیەكداچوو كە تاكەكان بە شێوەیەكی سەربەخۆ مومارەسەی دەكەن، چەمكی جێندەر خەسڵەتەكانی تاكانە نییە بەڵكو كۆمەڵێك لە سیفات و هەڵسوكەوتە كە لە هەموو ئاستەكانی بونیادی كۆمەڵایەتیدا هەیە.تاكەكان هەر لە منداڵییەوە بەگوێرەی ڕەگەزەكانیان خۆیاندەنوێنن [18]

**– بنەماو ڕەهەندەكانی جێندەر**

**یەكەم:بنەماكانی چەمكی جێندەر:**

1-ڕۆڵی ژن وپیاوە لەڕووی ئابووری و كۆمەڵایەتی و كەلتووری و [19] زیاترلەوانە لەڕووی بایۆلۆژییەوە دیاریكراوە.

2-دووبارە دابەشكردنەوەی ڕۆڵەكان لەنێوان ژن وپیاو لە كۆمەڵگادا لەو ڕووەوە چەمكی بەشداریكردنەوە كە سوودێكی زۆری بۆ كۆمەڵگا دەبێت

3-پێدانی هەلی تەواو بە پیاوان و ژنان بۆ دەرخستنی توانا شاراوەكانیان و شارەزای و لێهاتوویيان و هەستانیان بە ڕۆڵێكی تازە كەئەمە بەسوود و قازانجی كۆمەڵگایە [20].

چەمكی جێندەر یان جۆری كۆمەڵایەتی لەسەر ئەم فاكتەرانە وەستاوە:

DOI: https://doi.org/10.26682/hjuod.2018.20.1.4

**1-**زانین و شیکردنەوەی ئەو پەیوەندییە جیاوازانەی کەلەنێوان پیاو ژندا هەیە.

**2-**دیاریکردنی هۆکارو شێوەکانی نەبوونی هاوسەنگی لە پەیوەندییەکانی نێوان ژنان و پیاوانوەهەوڵدان بۆ گرتنەبەری ئەو ڕیو شوێنانە بۆ چارەسەرکردنی ئەو ناهاوسەنگییە.

**3-**پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی نێوان ژنان وپیاوان لەڕووی دابینکردنی دادپەروەری و یەکسانی لەنێوان ئەو دوو جۆرە لەلایەك و لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگاش لەلایکی ترەوە [21]

## دووەم:جیاوازی لەنێوان ڕەگەزو جۆر:

لەبەرامبەر چەمکی جۆر یان جێندەردا چەمکی ڕەگەز هەیە جیاوازی لەنێوان ئەم دوو چەمکەدا هەیە،چەمکی ڕەگەز بەستراوەتەوە بەخاسیەتە بایۆلۆژییە دیاریکراوەکانەوە کەپیاو لە ژن جیادەکاتەوە ،گۆڕانیشی بەسەردا نایەت هەتا ئەگەر کەلتوورەکانیش بگۆڕێن یان کات و شوێنیش بگۆڕێت،لەگەڵ ئەوەشدا چەمکی جۆر ئاماژەیە بۆ ژن و پیاو لەبەرئەوە بۆ دراسەکردنی بارودۆخی ژنان بەشێوەیەکی تایبەتی یان وەك دەروازەیەك بۆ بابەتی ژنان لەگەشەپێداندابەکاردەهێنرێت، لەلایەکی ترەوەئەم چەمکە باس لە ئیستغلال کردنی ژن لەلایەن پیاوەوە دەکات کەئەمە یەکێك بوو بۆ دەرخستنی جۆرەکانی ململانێ و هەربۆیە پێویستە تەرکیزبخرێتە سەر مەسەلەکانی یەکسانی ژنان و مافەکانی مروڤ [22]، چەمکی ڕەگەز واتە ئەو جیاوازییە بایۆلۆژی وفسیۆلۆژی و دەروونیانەی کە پەیوەندییان هەیە بە جیاوازی کرۆمۆسۆم و هۆرمۆنەکان و ئەندامی زاوزێ ی ناوەوەو دەرەوەی دوو ڕەگەزەکە [23]، واتە ڕەگەز لەسەر جیاکارییە بایۆلۆژیی و سروشتییەکانی نێوان پیاوان و ژنان وەستاوەو لەگەڵ مروڤدا لەدایکدەبێت و ناگۆڕێت و وەزیفەکانیان سنوردارن،بەلاّم چەمکی جۆری کۆمەڵایەتی وەستاوە لەسەر ڕۆڵەکانی ژن و پیاو ئەو پەیوەندییانەی کەبەهۆی ئەو ڕۆلاّنەوە پێکدێت و پێکهاتنی ئەو پەیوەندییانەش کۆمەلاّیەتین و لەڕووی بایۆلۆژییەوە دیاریکراو نین ،واتە ڕۆڵە کۆمەلاّیەتییەکان کۆمەڵگا دروستی کردووەجیاوازە لەکۆمەڵگایەکەوەبۆیەکێکی تر سەرباری ڕۆڵە بایۆلۆژییەکان، کۆمەڵگا پێشبینی ئەو هەڵسوکەوت و شێوانە دەکات کە بۆ هەریەکە لە نێریان مێیّ دیاریکراوە کەهەر یەکێکیان ڕۆڵێکی سنورداریان هەبێت ئەو ڕۆلاّنەش لەدروستکراوی مروڤن و لەگەڵیا لەدایك نەبوون [24].

هەربۆیە جۆری کۆمەلاّیەتی(الجندر) قابلی گۆڕانە ئەویش بەهۆی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەلاّیەتییەوە کەهەر لەیەکەم ڕۆژ کە منداڵ لەدایك دەبێت دەستپێدەکات هەتا مروڤ لەژیاندا بێت ئەم پرۆسەیە بەردەوام دەبێت ، بۆیە ئەو شێوازانەی کەکچان و کوڕانی پێیّ پەروەردە دەکرێن کاریگەری دەبێت لەسەر بیرکردنەووەو

DOI: https://doi.org/10.26682/hjuod.2018.20.1.4

هەڵسوکەوت و ڕەفتارییان و ڕەنگدەداتەوە لەسەر ڕۆڵ و وەزیفەو کارەکانیان کەلە کاتی کامڵبوونیاندا هاندەدرێن بەو کارو ڕۆڵانە هەستن جگە لەوئینتباعە گشتییەی کەلای هەموو کۆمەڵگا هەیە کەبریتییە لەو وێنە تەقلیدی و نەمەتییانەی کەبۆ ژن کێشراوە ئەو وێنانەش کە ڕاگەیاندنەکان بۆ ژن و پیاویان کێشاوە جیاوازە لەکۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی ترو لەکەلتوورێکەوە بۆ یەکێکی تر ،جگەلەوەی کۆمەڵێك فاکتەر کاریگەرییان هەیە لەسەر بارودۆخ وڕۆڵەکانی هەریەکە لەژن و پیاو لەکۆمەڵگادا ئەوانیش تەمەن و ئاستی خوێندن و داب و نەریتی کۆمەڵگاو کات و شوێنی جوگرافیای ئەو کۆمەڵگایە..هتد[25]

هەربۆیە لەکۆمەڵگای باوکسالاریدا هەمیشە مەسەلەی مامەڵەی جیاواز بۆ ڕێگەدان بەژنان و کچان بۆ گەیشتنیان بە هەلی کارو ئاسانکاری و دەرامەتیان پەردەپۆشکراوە ئەم جۆرە مامەڵەی جیاکارییەش بەشێکە لەداب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان کەبە حوکم و ڕێساو یاسا ئیدارییی وحکومییەکان دیاریدەکرێن ،مومارەسەکردنی ئەو جیاکارییانەش لە مومارەسەو نەریتە ئاینییەکانەوە سەرچاوەی گرتووە و یاساکانیش لەزۆرینەی دەوڵەتەکاندا لەسەر ئەو ئەساسە دانراون[26]

**سێیەم :ڕەهەندەکانی چەمکی جێندەر:**

**1**-جێندەر تیشك دەخاتە سەر دابەشبوونی کار کەلە نێوان ژن و پیاودایە لەسەربنەمای جیاوازییە بایۆلۆژییەکانی نێوانیان بۆیە ئەمە ستەمێکە لەژن کە ڕۆڵەکەی تەنها لەناو ماڵدا بۆ چێشتلێنان و منداڵبون وچادێریکردنی منداڵ کوتبوەتەوە ،دواتریش زیندانی کردنی ژن بەو ڕۆڵە دیاریکروەوە کە دایکایەتییە وایکردووە لەئاستی پەراوێزیدا بێت بەردەوامیش ڕۆڵی زاڵبوون وبەڕێوەبردنی داوە بەسەر پیاواندا بۆیە جێندەر پێویستە بۆ ڕزگارکردنی ژنان لوە زیندانی دایکایەتییەو وەرگرتنی دەسەڵاتی تەواو یەکسانی لەگەڵ پیاودابەلآم ڕۆڵی دایکایەتی دەوڵەت دەتوانێت بەو ئەرکە هەستێت لەڕێگەی چاودێری کۆمەلآیەتیەوە کەباوەش بۆ منداڵ بکاتەوە بەبێ ئەوەی پێویست بە خێزان بێت [27]

2-پەیوەندییە جێندەرییەکان دەتوانێت ڕووبەڕووی گۆڕنکاری بێتەوە لەبەرئەوەی وەك پەیوەندییە کۆمەلآیەتییەکانی تر لە دامەزراوەکانی کۆمەڵگادا تەعبیر لەخۆی دەکات [28]

3-جێندەر بانگەوازی یەکسانی تەواو بۆ هەموو مافەکان لەنێوان کوڕان و کچاندا دەکات لەبەرئەوەی کچ مافی خۆیەتی دواتریش پێویستە هەموو ئەو بیروباوەڕو بەهاو نەریتانەی کۆمەڵگا کە کاریگەرییان لەسەر پەروەردەکردنی کوڕان و کچان هەیە هەڵبوەشێنرێنەوە لەبەر ئەوەی هەر جەخت لەسەر دەسەلآتدارێتی پیاو لەکۆمەڵگادا دەکرێتەوە بۆیە پێویستە هەر دەسەلآتێکی باوکانە هەڵبوەشێنرێتەوە و باوك و برا مافی ئاراستە کردنی

گۆڤارا زانكويا دهوك، پەربەندا:20، ژمارە:1، (زانستێن مروڤايەتی وكومەلناسی)، بپ 58- 86، 2017
DOI: https://doi.org/10.26682/hjuod.2018.20.1.4

کچیان نییە لەبەئەوەی هەریەکێکیان یەکسانن لەخێزانداو کچیش مافی خوێەتی وەك براکەی بەتەنیا سەفەر بکات و بچێتە دەرەوە و تێکەلاوی بکات و پەیوەندی خۆشەویستی دروستبکات و وەك پیاو جلوبەرگ لەبەربکات و هەلسوکەوت بکات لەبەرئەوەی لێرەدا پێگەیاندنە کۆمەلایەتییەکە حوکم دەکات نەك ئەوەی کە وەك مێینەیەك دروستبووە [29]

4-پێناسی جێندەری بەهۆی پێگەیاندنی کۆمەلایەتییەوە دیاریدەکرێت واتە مافی ئەو کەسەیە ڕەفتاری بگۆڕێت بەگوێرەی ئەوەی کەلەنێوان خودی خوێدا هەستی پێدەکات بەبێ ئەوەی ئیعتبار بۆ خەسلەتە ڕەگەزی ئەندامییەکەی بکات واتە چالاکی وپێناسە جێندەرییەکەی پشت بەوە دەبەستێت کە هەستی پێدەکات لەدەرئەنجامی پێگەیاندنی کۆمەلایەتییەوەوبۆ نموونە پیاوێك هەستدەکات مێینەیە بەهۆی ئەو پەروەردە نەرمونیان و نازپێدانەی کەهەر لە منداڵییەوە پێیدراوەواتە ئەو پیاوە مافی خوێەتی وە کو ژنێك هەلسوکەوت بکات مافی خۆشیەتی کەرەگەزەکەی بگۆڕێتئەمە پێچەوانەیە لەگەڵ خەسلەتە بایۆلۆژییەکەیدا مافی خۆشیەتی مومارەسەی شتی نەشازبکات واتە عاشقێکی پیاوی هەبێت هەمان شێوەش بەسەر ژناندا پەیڕەودەبێت [30]

## بەشی سێیەم:میتۆدی توێژینەوەکەو هەنگاوە مەیدانییەکانی

**یەکەم :سنوری توێژینەوە:**

**1**-بواری کات: توێژەران بۆ ئەم توێژینەوەیە لە (2016/4/21 تا 2016/5/5 )خایاند .

**2**- بواری مرۆیی بریتی یە لە خوێندکارانی هەرزەکارانی پەروەردەی بنەڕەتی پۆلی (7 و 8) لە چوار خوێندنگەی شاری سلێمانی .

**3**-بواری شوێن : ناو شاری سلێمانی .

**دووەم :کۆمەڵگاو سامپڵی توێژینەوە:**

بریتی یە لە خوێندکارانی قۆناغی 7 و 8 ی چوار خوێندنگەی پەروەردەی بنەڕەتی ( ئاڤێستای کچان و سالمی کوڕان) لەڕۆژهەلاتی شاری سلێمانی و دوو خوێندنگەی کچان و کوڕان ( ئەکرەم قەزازی کچان و سالمی کوڕان) لە ڕۆژئاوای شاری سلێمانی بەپێی نوسراوێکی فەرمی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی شاری سلێمانی ، وەك سامپڵ توێژەران(150) خوێندکار بە شێوەی هەرەمەکی سادە وەرگیراوە .

**سێیەم :میتودی بەکارهێنراو:**

لەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی وەسفیە لەجۆری ڕوپێوی بۆ گەیشتن بەئامانجی توێژینەوەکە .

**چوارەم: ئامرازی بەکارهێنراوی توێژینەوە:** لەم توێژینەوەیەدا توێژەران هەستان بە دروستکردنی فۆرمی ڕاپرسی بەسود وەرگرتن لە بەشی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشو لەم شێوەیەدا .[31]

**پێنجەم: ڕاستگۆیی:**

DOI: https://doi.org/10.26682/hjuod.2018.20.1.4

گرتنەبەری ڕێگای ڕاستگۆیی، یەكێكە لە هەنگاوە گرنگەكانی ئامادەكردنی ئامرازی توێژینەوە ی مەیدانی، بەمانای پێوانەكردن كە توێژەر دەیەوێت پێوانەی بكات، واتا تاچەند ئەو شێوازەی بەكاردێت بۆ پێوانەكردن ئەو زانیاریانە كۆدەكاتەوە كە توێژەر پێویستێتی[32]، ڕاستگۆیی ئەم توێژینەوەیش پێكدێت لە دروستكردنی فۆرمی ڕاپرسی و دواتر خستنە بەرچاوی ماموستایانی تایبەت بە بابەتەكە[33]

**جێگیركردن** : گەیشتنە بە هەمان ئەنجام بە دووبارەكردنەوەی جێبەجێكردنی هەمان پێوەر[34]، توێژەر لەم توێژینەوەیەدا ڕێژەی لە(10٪) فۆرمەكەی دابەشكردوتەوە بەسەر هەمان خوێندكاراندا و بە یاسای بیرسۆن ئەنجامەكەی 88 ٪ 0دەرچووە كەئەمەش ئەنجامێكی باشە .

لایەنی مەیدانی

لە ئەنجامی زانیارییەشتیەكاندا دەركەوتووە كە لەكۆی ڕێژەی هەردوو ڕەگەز هەردوو ڕەگەز نزیكن لەیەكتری و جیاوازییەكی ئەوتۆی نیە ، وەك لە خشتەی (1) دیارە .

**خشتە ی (1)**: ڕەگەزی نموونەی توێژینەوەكە ڕوونەدەكاتەوە

| ڕەگەز | د | ٪ | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| نێر | 73 | 48.7 | دووەم |
| مێ | 77 | 51.3 | یەكەم |
| كۆ | 150 | 100.0 | |

لە ئەنجامی پرسیاری ئاستی خوێندەواری دایك و باوكدا دەركەوتوە كە بەرزترین ڕێژە بۆ ئاستی خوێندەواری دایك ئاستی ناوەندی و ئامادەییە 34.0، بەڵام ئاستی خوێندەواری باوكان ناوەندی و ئامادەییە بەڕێژەی 41.3 ، هەرچەندە ئاستی سەرەتایی لای دایكان ڕێژەكەی بەرزە ، زانیاری زیاتر لە خشتەی (2) دا دیارە .

**خشتەی (2)**: ئاستی خوێندەواری دایك و باوك ڕوونەدەكاتەوە

| هەڵبژاردەكان | دایك | | | باوك | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | ٪ | پلەبەندی دایك | د | ٪ | پلەبەندی باوك |
| نەخوێندەوار | 15 | 10.0 | چوارەم | 6 | 4.0 | شەشەم |
| سەرەتای | 47 | 31.3 | دووەم | 36 | 24.0 | دووەم |
| ناوەندی‌وئامادەی | 51 | 34.0 | یەكەم | 62 | 41.3 | یەكەم |
| دبلۆم | 25 | 16.7 | سێیەم | 27 | 18.0 | سێیەم |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| بکالوریۆس | 7 | 4.7 | پێنجەم | 11 | 7.3 | چوارەم |
| خوێندنی بالاَ | 5 | 3.3 | شەشەم | 8 | 5.3 | پێنجەم |
| کۆ | 150 | 100.0 | | 150 | 100.0 | |

لە ئەنجامی پرسیاری پیشەی دایك وباوكدا دەركەوتوە كە پیشەی دایك بەرزترین رێژە ژنی مالەوەیە بەلاَم لای باوكان بەرزترین رێژە كاسبە دوای ئەو مامۆستایە دواتریش فەرمانبەرە زانیاری زیاتر لە خشتەی (3) دا دیارە.

**خشتەی (3)**: پیشەی دایك و باوك

| هەڵبژاردەکان | دایك | | | باوك | | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | ٪ | پلەبەندی | د | ٪ | |
| ژنی مالَەوە | 102 | 68.0 | یەکەم | - | - | – |
| خوێندکار | 1 | .7 | پێنجەم | - | - | – |
| مامۆستا | 27 | 18.0 | دووەم | 11 | 7.3 | سێیەم |
| فەرمانبەر | 16 | 10.7 | سێیەم | 37 | 24.7 | دووەم |
| پارێزەر | 1 | .7 | پێنجەم | 2 | 1.3 | شەشەم |
| دکتۆر | 3 | 2.0 | چوارەم | 4 | 2.7 | پێنجەم |
| کاسب | - | - | | 90 | 60.0 | یەکەم |
| یاریدەدەری پزیشك | - | - | | 5 | 3.3 | چوارەم |
| رۆژنامەنوس | - | - | | 1 | 7 | حەوتەم |
| | | | | 150 | 100.0 | |

–لە ئەنجامی پرسیاری پێدانی هەلی بریاردان لەسەر ئەو هەلّبژارنانەی خوارەوەدا دەركەوتوە كە بەرزترین رێژە هەلبژاردنی جلو بەرگە لای مێ و دوای ئەویش دیاریکردنی بابەتی تەلەفزیۆنە ، بەلاَم لای نێر هەلّبژاردنی هاورێیە بە رزترین رێژەیە ، دوای ئەویش ئەنجامدانی ئەرکەدینیەکانە. زانیاری زیاتر لە خشتەی (4) دایە.

**خشتەی (4)**: پێدانی هەلی بریاردن لەسەر ئەم ئەرکانە لەلایەن دایك

| هەلبژاردەکان | مێ | | نێر | | کۆ | | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | ٪ | د | ٪ | د | ٪ | ٪ |

**DOI:** https://doi.org/10.26682/hjuod.2018.20.1.4

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| هەڵبژاردنی جلوبەرگ | 48 | 54.5% | 40 | 45.5% | 88 | 15.9% | یەکەم |
| دیاریکردنی کاتی سەعیکردن | 34 | 47.9% | 37 | 52.1% | 71 | 12.8% | چوارەم |
| دیاریکردنی کتێبی خوێندنەوە | 18 | 42.9% | 24 | 57.1% | 42 | 7.6% | حەوتەم |
| دیاریکردنیبابەتەکانی کەناڵەکانی، تەلەفزیۆن | 39 | 60.9% | 25 | 39.1% | 64 | 11.6% | پێنجەم |
| ئەنجامدانی ئەرکە دینییەکان | 30 | 38.0% | 49 | 62.0% | 79 | 14.3% | دووەم |
| هەڵبژاردنی هاوڕێ | 33 | 42.3% | 45 | 57.7% | 78 | 14.1% | سییەم |
| هەڵبژاردنی پسپۆڕی | 13 | 40.6% | 19 | 59.4% | 32 | 5.8% | هەشتەم |
| هاندانی وەرزش | 24 | 42.9% | 32 | 57.1% | 56 | 10.1% | شەشەم |
| هاندانی مۆسیقا | 10 | 58.8% | 7 | 41.2% | 17 | 3.1% | دەیەم |
| هاندانی کاری هونەری | 14 | 60.9% | 9 | 39.1% | 23 | 4.2% | نۆیەم |
| هیچیان | 3 | 100.0% | 0 | 0.0% | 3 | 0.5% | یازدەیەم |
| کۆ | 266 | | 287 | | 553 | 100.0 | |

لە ئەنجامی پرسیاری پێدانی هەلی بریاردان لەسەر ئەو هەڵبژارنانەی خوارەوەدا لای باوك دەرکەوتوە کە بەرزترین رێژە لای مێ دیاریکردنی کاتی سەعیکردنە دوای ئەویش ئەنجامدانی ئەرکە دینیەکانە ، بەلاّم لای نێرئەنجامدانی ئەرکە دینیەکان بەروترین رێژە یەو دوای ئەویش هەڵبژاردنی هاورێ یەت ، زانیاری زیاتر لە خشتەی (5) دایە .

**خشتەی (5)**: پێدانی هەلی بریاردن لەسەر ئەم ئەرکانە لەلایەن باوك

| هەلبژاردەکان | مێ | | نێر | | کۆ | | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | ٪ | د | ٪ | د | ٪ | |
| هەڵبژاردنی جلوبەرگ | 20 | 43.5% | 26 | 56.5% | 46 | 9.2% | شەشەم |
| دیاریکردنی کاتی سەعیکردن | 33 | 47.8% | 36 | 52.2% | 69 | 13.8% | دووەم |
| دیاریکردنی کتێبی خوێندنەوە | 19 | 45.2% | 23 | 54.8% | 42 | 8.4% | حەوتەم |
| دیاریکردنیبابەتەکانی، کەناڵەکانی تەلەفزیۆن | 30 | 52.6% | 27 | 47.4% | 57 | 11.4% | چوارەم |
| ئەنجامدانی ئەرکە دینییەکان | 32 | 38.6% | 51 | 61.4% | 83 | 16.6% | یەکەم |
| هەڵبژاردنی هاوڕێ | 29 | 44.6% | 36 | 55.4% | 65 | 13.0% | سییەم |
| هەڵبژاردنی پسپۆڕی | 15 | 41.7% | 21 | 58.3% | 36 | 7.2% | هەشتەم |
| هاندانی وەرزش | 19 | 36.5% | 33 | 63.5% | 52 | 10.4% | پینجەم |
| هاندانی مۆسیقا | 12 | 57.1% | 9 | 42.9% | 21 | 4.2% | دەیەم |
| هاندانی کاری هونەری | 13 | 59.1% | 9 | 40.9% | 22 | 4.4% | نۆیەم |
| هیچیان | 5 | 71.4% | 2 | 28.6% | 7 | 1.4% | یازدەیەم |
| کو | 227 | | 273 | | 500 | 100.0% | |

گوڤارا زانکویا دهوك، پەربەندا:20، ژمارە:1، (زانستێن مروڤایەتی وکومەلناسی)، بپ 58- 86، 2017
DOI: https://doi.org/10.26682/hjuod.2018.20.1.4

لەئەنجامی پرسیاری ئەرکی کۆمەلآیەتی لەلایەن دایکان دەرکەوتووە بەرزترین ڕێژە بۆ ئەرکە کۆمەلآیەتیەکان لای مێ یە واتا ئاماەکردنی سفرەو خوانە دوای ئەویش سەردانیکردنی خزمە، دوای ئەویش هەلبژاردنی کەل وپەلی ناومالە، بەلآم لای نێر بەرزترین ڕێژە دیسان ئامادەکردنی سفرەو خوانە و دوای ئەویش سەردانیکردنی خومە ودوای ئەویش هەلبژاردنی شوێنی گەشت، زانیاری زیاتر لە خشتەی (6) دایە .

**خشتەی(6)**: پێدانی هەل ی بریاردان ئەرکی کومەلایەتی لەلایەن دایك

| هەلّبژاردنەکان | مێ | | نێر | | کۆ | | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د] | ٪ | د | ٪ | د | ٪ | |
| سەردانیکردنی دراوسێ | 25 | 55.6% | 20 | 44.4% | 45 | 9.8% | پێنجەم |
| سەردانیکردنی خزم | 56 | 58.9% | 39 | 41.1% | 95 | 20.7% | دووەم |
| هەلبژاردنی کەلوپەلی ناومالّ | 51 | 70.8% | 21 | 29.2% | 72 | 15.7% | سێیەم |
| هەلبژاردنی شوێنی نیشتەجێبون | 22 | 61.1% | 14 | 38.9% | 36 | 7.8% | شەشەم |
| هەلبژاردنی شوێنی گەشت | 36 | 52.2% | 33 | 47.8% | 69 | 15.0% | چوارەم |
| کرینی ئوتومبیل | 14 | 45.2% | 17 | 54.8% | 31 | 6.8% | حەوتەم |
| ئامادەکردنی سفرەوخوان | 58 | 54.2% | 49 | 45.8% | 107 | 23.3% | یەکەم |
| هیچیان | 2 | 50.0% | 2 | 50.0% | 4 | 0.9% | هەشتەم |
| کو | 264 | 100.0 | 195 | 100.0 | 459 | 100.0% | |

لەئەنجامی پرسیاری ئەرکی کومەلآیەتی لای باوکان دەرکەوتووە کە بەرزترین ڕێژە لای مێ هەلبژاردنی شوێنی گەشتە و دوای ئەویش سەردانیکردنی خزمە و دوای ئەویش هەلبژاردنی کەلو پەل و کرینی ئوتومبیلە ، بەلآم لای نێر سەردانیکردنی خزمە و دوای ئەویش هەلّبژاردنی شوێنی گەشتە،زانیاری زیاتر لە خشتەی (7) دایە .

**خشتەی(7)**: پێدانی هەل ی بریاردان ی کومەلایەتی لەلایەن باوك

| هەلّبژاردەکان | مێ | نێر | کۆ | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|

**DOI:** https://doi.org/10.26682/hjuod.2018.20.1.4

| | د | ٪ | د | ٪ | د | ٪ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سەردانیکردنی دراوسێ | 13 | 38.2% | 21 | 61.8% | 34 | 8.7% | شەشەم |
| سەردانیکردنی خزم | 41 | 51.3% | 39 | 48.8% | 80 | 20.5% | یەکەم |
| هەلبژاردنی کەلوپەلی ناومالٚ | 28 | 66.7% | 14 | 33.3% | 42 | 10.8% | پینجەم |
| هەلبژاردنی شوێنی نیشتەجیبون | 21 | 43.8% | 27 | 56.3% | 48 | 12.3% | چوارەم |
| هەلبژاردنی شوێنی گەشت | 43 | 55.8% | 34 | 44.2% | 77 | 19.7% | دووەم |
| کرینی ئوتومبیل | 28 | 50.0% | 28 | 50.0% | 56 | 14.4% | سییەم |
| ئامادەکردنی سفرەوخوان | 24 | 57.1% | 18 | 42.9% | 42 | 10.8% | پینجەم |
| هیچیان | 5 | 45.5% | 6 | 54.5% | 11 | 2.8% | حەوتەم |
| کۆ | 203 | 100.0 | 187 | 100.0 | 390 | 100.0% | |

لەئەنجامی پرسیاری بەرپرسیارێتی چاودێریکدنی منالٚ لەناو خێزاندا دەرکەوتووە کە بەرزترین ڕێژە لای مێ هەروکیان واتا دایکان و باوکانە ، دواى ئەویش همو خێزان ، بەرزترین ڕێژە لای نێر دیسان هەردوکیانە ، زانیاری زیاتر لە خشتەی (8) دا دیارە .

**خشتەی(8):** بەرپرسیارێتی چاودێریکردنی منالٚ لەناو خێزاندا

| هەلبژاردەکان | مێ | | نێر | | کۆ | | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | ٪ | د | ٪ | د | ٪ | |
| دایك | 7 | 46.7% | 8 | 53.3% | 15 | 9.0% | سییەم |
| باوك | 3 | 50.0% | 3 | 50.0% | 6 | 3.6% | پینجەم |
| هەردوکیان | 51 | 55.4% | 41 | 44.6% | 92 | 55.1% | یەکەم |
| خوشك | 1 | 25.0% | 3 | 75.0% | 4 | 2.4% | حەوتەم |
| برا | 3 | 60.0% | 2 | 40.0% | 5 | 3.0% | شەشەم |
| هەردوکیان | 2 | 18.2% | 9 | 81.8% | 11 | 6.6% | چوارەم |
| هەمو خێزان | 18 | 52.9% | 16 | 47.1% | 34 | 20.4% | دووەم |
| تەنها دایك و خوشك | 0 | 0.0% | 0 | 0.0% | 0 | 0.0% | هەشتەم |
| هیچیان | 0 | 0.0% | 0 | 0.0% | 0 | 0.0% | هەشتەم |
| کۆ | | | | | 167 | 100.0% | |

لەئەنجامی پرسیاری بەرپرسیارێتی خەرجی مالٚ دەرکەوتوە کە بەرزترین ڕێژە لای مێ هەردوکیانە واتا دایك و باوك دواى ئەویش بەپلەی دووەم دایك دێت ، بەلاٚم لای نێر بەرزترین ڕێژە هەر هەردوکیانە دواى ئەویش دایك ، زانیاری زیاتر لە خشتەی (9) دایە .

**خشتەی (9):** بەرپرسیارێتی خەرجی مالٚ

| هەلبژاردەکان | مێ | نێر | کۆ | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|

DOI: https://doi.org/10.26682/hjuod.2018.20.1.4

| | د | ٪ | د | ٪ | د | ٪ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| دایك | 32 | 53.3% | 28 | 46.7% | 60 | 39.5% | دووەم |
| باوك | 2 | 40.0% | 3 | 60.0% | 5 | 3.3% | چوارەم |
| هەردوكیان | 36 | 52.2% | 33 | 47.8% | 69 | 45.4% | یەكەم |
| برا | 0 | 0.0% | 2 | 100.0% | 2 | 1.3% | شەشەم |
| خوشك | 0 | 0.0% | 0 | 0.0% | 0 | 0.0% | هەشتەم |
| هەردوكیان | 1 | 33.3% | 2 | 66.7% | 3 | 2.0% | پینجەم |
| هەموخیزان | 5 | 41.7% | 7 | 58.3% | 12 | 7.9% | سییەم |
| هیچ كەس | 1 | 100.0% | 0 | 0.0% | 1 | 0.7% | حەوتەم |
| كۆ | | 53.3% | | 46.7% | 152 | 100.0% | |

–لە ئەنجامی پرسیاری بەشداریکرنی ئەرکەکانی مالّدا دەرکەوتووە کە لای مێ ئامادەکردنی صفرەو خان بەرزترین ڕێژەیە و دوای ئەویش ڕێکخستنی مالّ یەت، بەلاّم لای نێر کڕینی خواردن بەروترین ڕێژەیە ودوای ئەویش کڕینی پێداویستی مالّ یەت، زانیاری زیاتر لەخشتەی (10) دایە

**خشتەی (10)**: رادەی بەشداریکردنی ئەرکەکانی مال

| هەلبژاردەكان | مێ | | نێر | | كۆ | | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | ٪ | د | ٪ | د | ٪ | |
| ڕێكخستنی مالّ | 44 | 64.7% | 24 | 35.3% | 68 | 13.3% | دووەم |
| جل ئوتوكردن | 16 | 50.0% | 16 | 50.0% | 32 | 6.2% | هەشتەم |
| جل شتن | 15 | 78.9% | 4 | 21.1% | 19 | 3.7% | دەیەم |
| قاپ شتن | 37 | 78.7% | 10 | 21.3% | 47 | 9.2% | شەشەم |
| ئامادەكردنی سفرەو خوان | 55 | 59.8% | 37 | 40.2% | 92 | 17.9% | یەكەم |
| وەلاّمدانەوەی تەلەفۆن | 36 | 55.4% | 29 | 44.6% | 65 | 12.7% | سییەم |
| چاودێری مندالّ | 22 | 48.9% | 23 | 51.1% | 45 | 8.8% | حەوتەم |
| كڕینی خواردن | 17 | 28.8% | 42 | 71.2% | 59 | 11.5% | چوارەم |
| كڕینی پێداویستی | 16 | 28.1% | 41 | 71.9% | 57 | 11.1% | پینجەم |
| ڕێكخستنی باخچە | 15 | 53.6% | 13 | 46.4% | 28 | 5.5% | نۆیەم |
| هیچیان | 1 | 100.0% | 0 | 0.0% | 1 | 0.2% | یازدەیەم |
| كۆ | 274 | | 239 | | 513 | 100.0% | |

لەئەنجامی پرسایری بەرپرسیارێتی خزمەتکردنی میوان لـەئەستۆی کێدایە دەرکەوتوە کە بەرزترین ڕێژە لای مێ هەردوکیان واتا دایك باوك دوای ئەویش خوشك ، بەلاّم لای نێر دیسان هەردوکیان دوای ئەویش دایك ، زانیاری زیاتر لە خشتەی (11) دایە .

گوڤارا زانکویا دهوك، پەربەندا:20، ژمارە:1، (زانستێن مرووڤایەتی وکومەلناسی)، بپ 58- 86، 2017
DOI: https://doi.org/10.26682/hjuod.2018.20.1.4

**خشتەی (11)**: بەرپرسیاریتی میوان

| پلەبەندی | مێ | | نێر | | کۆ | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | ٪ | د | ٪ | ٪ | د | هەلبژاردەکان |
| دایك | 15 | 60.0% | 10 | 40.0% | 25 | 14.5% | دووەم |
| باوك | 2 | 28.6% | 5 | 71.4% | 7 | 4.0% | پێنجەم |
| هەردوکیان | 48 | 48.0% | 52 | 52.0% | 100 | 57.8% | یەکەم |
| برا | 2 | 40.0% | 3 | 60.0% | 5 | 2.9% | شەشەم |
| خوشك | 18 | 78.3% | 5 | 21.7% | 23 | 13.3% | سییەم |
| خۆم | 2 | 50.0% | 2 | 50.0% | 4 | 2.3% | حەوتەم |
| کەس | 6 | 66.7% | 3 | 33.3% | 9 | 5.2% | چوارەم |
| کۆ | | 0.0% | | 0.0% | 173 | 100.0% | |

لەئەنجامی پرسیاری ئەو وتانەی بەرامبەرت دەوترێت دەرکەوتووە بەرزترین ڕێژە لای مێ بۆ دایك عەیبە تۆ کچیت بەکاردێت، و لای نێر عەیبە تۆ پیاوی مالّی بەدەستیان هێناوە ، زانیاری زیاتر لە خشتەی (12) دایە.

**خشتەی (12)**: ئەو وتانەی بەرامبەرت دەووترێت لای دایك

| | مێ | | نێر | | کۆ | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| هەلبژاردەکان | د | ٪ | د | ٪ | د | ٪ | پلەبەندی |
| عەیبە تۆ کچیت | 24 | 92.3% | 2 | 7.7% | 26 | 16.6% | سییەم |
| عەیبە تۆ پیاوی مالّی | 0 | 0.0% | 26 | 100.0% | 26 | 16.6% | دووەم |
| تۆ تاقانەی منی | 11 | 57.9% | 8 | 42.1% | 19 | 12.1% | پێنجەم |
| کوڕی شیرینی منیت | 4 | 19.0% | 17 | 81.0% | 21 | 13.4% | چوارەم |
| تۆ کچی شیرینی منیت | 19 | 90.5% | 2 | 9.5% | 21 | 13.4% | چوارەم |
| هیچیان | 24 | 54.5% | 20 | 45.5% | 44 | 28.0% | یەکەم |
| کۆ | | | | | 157 | 100.0% | |

لە ئەنجامی پرسیاری ئەو وتانەی بەرامبەرت بەکاردێت دەرکەوتوە کە بەرزترین ڕێژە لای مێ بۆ باوك تۆ کچی شیرینی منیت ، بەلاّم لای نێر بۆ باوك بەرزترین ڕێژە عەیبە تۆ پیاوی مالّی بەکاردێت ، زانیاری زیاتر لە خشتەی (13) دایە .

**خشتەی (13)**: ئەو وتانەی بەرامبەرت دەووترێت لای باوك

گوڤارا زانكويا دهوك، پەربەندا:20، ژمارە:1، (زانستێن مروڤايەتی وكومەلناسی)، بپ 58- 86، 2017
**DOI:** https://doi.org/10.26682/hjuod.2018.20.1.4

| هەلبژاردەكان | مێ | | نێر | | كۆ | | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | ٪ | د | ٪ | د | ٪ | |
| عەیبە تۆ كچێت | 13 | 81.3% | 3 | 18.8% | 16 | 10.3% | پێنجەم |
| عەیبە تۆ پیاوی ماڵێ | 1 | 2.6% | 37 | 97.4% | 38 | 24.4% | دووەم |
| تۆ تاقانەی منی | 11 | 68.8% | 5 | 31.3% | 16 | 10.3% | پێنجەم |
| كوڕی شیرینی منیت | 5 | 29.4% | 12 | 70.6% | 17 | 10.9% | چوارەم |
| تۆ كچی شیرینی منیت | 18 | 100.0% | 0 | 0.0% | 18 | 11.5% | سێیەم |
| هیچیان | 33 | 64.7% | 18 | 35.3% | 51 | 32.7% | یەكەم |
| كۆ | | 81.3% | | 18.8% | 156 | 100.0% | |

